هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ١٨٥٤٢/٢

Date: / /٢٠١٥ ڕێکەوت: ٩ / ٩ / ٢٠١٥ ی زاینی

١٩ / ٦ / ٢٧١٥ ی کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٧) ی (٢٠١٥)

## هەمواری ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

بەهۆی ئەوەی نزیکەی پێنج ساڵە خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردسستان ڕاگیراوە، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە هەڵگرانی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی هەلی خوێندنی دکتۆرا دەکەن، دوابەدوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و بە مەبەستی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ پێشکەشکارانی خوێندنی دکتۆرا . بڕیارماندا بە هەموارکردنی تەوەری یەکەم خاڵی (٢) بڕگەی (أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٥) تایبەت بە خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بەم شێوازەی لای خوارەوە:

٢- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی:

أ- کەمترین ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ خوێندنی دکتۆرا بەم شێوازە دەبێت کە لە خشتەی هاوپێچدا ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی پێشبڕکێدا پێشکەشکاران بۆ کەمترین نمرەی توانستی زمانی ئینگلیزی لەو تاقیکردنەوە ستانداردانەی ئاماژەیان پێکراوە (پێنج) خاڵ وەردەگرن، بە زیادبوونی هەر (٠.٥) نیو نمرەیەک لە تاقیکردنەوەی (IELTS) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوەی ستانداردەکانی دیکەی توانستی زمان (٢) دوو خاڵ وەردەگرن، هەر وەک لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە .

بەڵام ئەگەر پێشکەشکار لە قۆناغی پێشکەشکردندا کەمترین نمرەی یەکێک لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەست نەهێنابوو، ئەوا ڕێگای پێ دەدرێت بچێتە پێشبڕکێ و بەشداری تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بکات، بەڵام لە پێشبڕکێدا خاڵی توانستی زمانی ئینگلیزی وەرناگرێت، ئەگەر لە ئەنجامی پێشبڕکێ وەرگیرا، ئەوا وەرگرتنەکەی مەرجدار (Conditional) دەبێت و پێویستە لە ماوەی شەش مانگ لە دەستپێکردنی خوێندنی دکتۆرا کەی کەمترین ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە بە سەرنەکەوتوو ئەژمار دەکرێت و سڕینەوەی ناوی بۆ ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە بەڕیوەبەرایەتی یاسایی زانکۆکەی پێشکەش بکات.

د.یوسف گۆران

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکاران (٢)/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ ل بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی /لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی /لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت نووسینگەی ب.گ./ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .

| وەرگرتنی خاڵ بۆ هەر یەکێک لە تاقیکردنەوەکان | جۆری تاقیکردنەوە | | | | بواری خوێندن |
|---|---|---|---|---|---|
| | Pearson Academic ( PTE ) | TOEFL ( PBT ) | TOEFL (IBT) | IELTS | |
| ٥ | ٣٦ | ٤٥٠ | ٤٠ | ٤ | زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و پزیشکیەکان (العلوم الصرفة والطبيعة والتطبيقية والطبية) |
| ٧ | ٤١ | ٤٧٣ | ٤٨ | ٤.٥ | |
| ٩ | ٤٧ | ٤٩٥ | ٥٦ | ٥ | |
| ١١ | ٥٢ | ٥١٨ | ٦٤ | ٥.٥ | |
| ١٣ | ٥٨ | ٥٤١ | ٧٢ | ٦ | |
| ١٥ | ٦٣ | ٥٦٤ | ٨٠ | ٦.٥ | |
| ١٧ | ٦٨ | ٥٨٦ | ٨٨ | ٧ | |
| ١٩ | ٧٤ | ٦٠٩ | ٩٦ | ٧.٥ | |
| ٢١ | ٧٩ | ٦٣٢ | ١٠٤ | ٨ | |
| ٢٣ | ٨٥ | ٦٥٤ | ١١٢ | ٨.٥ | |
| ٢٥ | ٩٠ | ٦٧٧ | ١٢٠ | ٩ | |
| ٥ | ٣٢ | ٤٢٧ | ٣٢ | ٣.٥ | زانستە مرۆڤایەتییەکان |
| ٧ | ٣٦ | ٤٥٠ | ٤٠ | ٤ | |
| ٩ | ٤١ | ٤٧٣ | ٤٨ | ٤.٥ | |
| ١١ | ٤٧ | ٤٩٥ | ٥٦ | ٥ | |
| ١٣ | ٥٢ | ٥١٨ | ٦٤ | ٥.٥ | |
| ١٥ | ٥٨ | ٥٤١ | ٧٢ | ٦ | |
| ١٧ | ٦٣ | ٥٦٤ | ٨٠ | ٦.٥ | |
| ١٩ | ٦٨ | ٥٨٦ | ٨٨ | ٧ | |
| ٢١ | ٧٤ | ٦٠٩ | ٩٦ | ٧.٥ | |
| ٢٣ | ٧٩ | ٦٣٢ | ١٠٤ | ٨ | |
| ٢٥ | ٨٥ | ٦٥٤ | ١١٢ | ٨.٥ | |
| ٢٧ | ٩٠ | | ١٢٠ | ٩ | |